# نوێژی بەفر

هووشیار عەزیز / سلێمانی

بەفر
ئەو ترێ سەدەفیانەی ڕەزە ئیلاهیەکانی ئاسمانە
کە یەزدان لە لێو ڕێژبوونی مەحەببەتیدا
لە شەلاڵ بوونی ئەڤینیدا
کلوو کلوو دەیبارێنێ ....
کاتێ دەبارێ هەموومان لە فەروە سپیەکەیەوە دەپێچێ ..
ڕۆحمان دەداتە بەر تاڤگەی ئاسوودەیی و
تەمەنمان پڕدەکاتەوە لە مناڵی ..

بەفر لەگەڵ بارینیدا بەئەسپایی پێمان دەڵێ
وەرن لەژێر کلوە سپی و نەرم و ئارامەکانمدا
ڕۆحتان لە غوباری ژیان و
دڵتان لە ڕەقی ژیان و
دەروونتان لە هەڵچوون و داچوونی ژیان خاوێن کەنەوە ...

شاعیرێك دەڵێ :
بەفر نهێنی هەڵگرە
کەدەتوێتەوە ئەوجا دەبینی
چی لە بن باڵ و توکی سنگیدا حەشار داوە ..

نهێنیەك هەیە لە بەفرا
دوای توانەوەی دیاردەکەوێ .

ئەی بەفر
پە پوولە کۆڵێ شەرم لە بەرائەتت دەکا
جوانی لە حوزورتا سوور هەڵدەگەڕێ ..
سرووشت خۆی ڕووت ڕووت دەکاتەوە
لە ئامێزتا ئارام ڕادەکشێ ..

ئەی بەفر
سرووشت لە ئەفسون هەڵدەکێشی

بێ ئەوەی خۆت هەڵکێشی ..
کاتێ لەسەر ڕیتمی مۆسیقایەکی ڕۆمانسی
ئاوێزا نمان دەبی
ناخمان لە ژاوە ژاوی ڕۆژگار پاکژ دەکەیتەوە ...
وەك قەسیدەیەکی سەدەفی
غەرقمان دەکەیت لە سرووتەکانی ڕۆح ..
چوون شەرابێکی یەزدانی
تا سنووری توانەوە مەستمان دەکەیت و
دەمان بەخشی بە سەماو نەشئەیەکی بێ سنوور ..

بەفر کەفارەتی گوناهەکا نمانە
ئەوگوناهانەی لە هابیل و قابیلەوە
تەمە نمان دەنووسنەوە ...

بەفر نەوازشی ئاسمانە لەگەڵ زەمین
بەفر کەدەبارێ
بە سەرپۆشێکی سپی سپی
درەختەکان لێوان لێو لە ئۆغژن دەکا
درەختەکان بە مرواری سپی دادەگیرسێنێ ..
چاومان نوقمی جوانی دەکات
وەك چۆن نوقمی خەونێکی قەشەنگ دەبێ ...

ئەی بەفر
بۆ ئەوەی کەڤاڵێك لە جوانیت بنەخشێنین
دەبێ هەموو ئازاد شەوقیەکانی ووڵات
هەموو ئیسماعیل خەیاتەکانی وڵات
هەموو موحەمەد عارفەکانی ووڵات
بانگهێشت کەینە سەر خوانی ئەم مەحاڵە ....

بەفر حیکمەتەکانی هێمنیمان پێ دەرخ دەکات
بەفر فێرمان دەکات
بەئارامی بچینە ژوانی ئازیزان
بە ئارامی لەدەرگای دڵەکان بدەین

بەئارامی پیاسە لەگەڵ ژیان دا بکەین
بە ئارامی سەرە ڕێ بە ڕێبواران بگرین و پێیان بڵێین
ڕێمان بدەن سپیتان کەینەوە لە ڕەشی
ڕوونتان کەینەوە لە تەڵخی
خاڵیتان کەینەوە لە بوغزی ڕۆژگار
ڕێمان بدەن هەم ڕاییتان بکەین
بۆناو فیردەوسەکانی پاکیزەیی

بەفر فێرمان دەکات
شەڕ بگوازینەوە بۆ ناو باخچەکانی شەڕەتۆپەڵی خۆشەویستی
فێرمان دەکات
دڵمان بخەینە ناو تۆپەڵە بەفرەوەو
بیگرینە دڵی یەکتری ....

ئەڤین بەتۆپەڵە بەفرەکاندا هەڵواسین و
بیدەین لە یەخەی یەکتری...

بەفر داوامان لێ دەکات
چنگمان پڕبکەین لە بەفر
دڵمان پڕ بکەین لە بەفر
گیرفانەکانمان پڕبکەین لە بەفر
ماڵەکانمان هەڵکێشین لە بەفر
شەقام و کۆڵانەکانمان سەر ڕێژ کەین لە بەفر ..
بەفر پڕبکەین لە خۆشەویستی
پڕی بکەین لە چرا سەدەفیەکانی ئومێد
لە خەونە سەوزەکانی ژیان ....

2006-2-20